# هەندێ لە تاوانە گەورەکان

( عَنْ عَبْدِ اللَّهِ قَالَ سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَيُّ الذَّنْبِ أَعْظَمُ عِنْدَ اللَّهِ قَالَ أَنْ تَجْعَلَ لِلَّهِ نِدًّا وَهُوَ خَلَقَكَ قَالَ قُلْتُ لَهُ إِنَّ ذَلِكَ لَعَظِيمٌ قَالَ قُلْتُ ثُمَّ أَيٌّ قَالَ ثُمَّ أَنْ تَقْتُلَ وَلَدَكَ مَخَافَةَ أَنْ يَطْعَمَ مَعَكَ قَالَ قُلْتُ ثُمَّ أَيٌّ قَالَ ثُمَّ أَنْ تُزَانِيَ حَلِيلَةَ جَارِكَ ) رواه البخاري ومسلم واتە : ( لە عبدالله ی کوڕی مەسعود خوا لێی ڕازی بێت فەرموی لە پێغەمبەری خوام پرسیار کرد صلی الله علیه وعلی اله ولم چ تاوانێك لە هەمووی گەورە ترە لای خوا ؟ پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمووی : ئەوەی کە هاوبەش دانێی بەوەی کەسێك بێنیتە ڕیزی خواو خواش تۆی دروست کردووە ، ئینجا عبدالله ی کوڕی مەسعود خوا لێی ڕازی بێت ئەڵێ وتم ئەمە شتێکی گەورەیە بەتەئکید ئەڵێ وتم ئەی لە پاش ئەوە چ تاوانێکە ؟ پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرموی : پاش ئەوە گەورەترین تاوان منالەکەت بکوژی لە ترسی ئەوەی لەگەڵت نان بخوا _لە ترسی فەقیری_ ، ئینجا عبدالله ی کوڕی مەسعود خوا لێی ڕازی بێت ئەڵێ ئەی لە پاش ئەوە چ تاوانێکە ؟ پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرموی : پاش ئەوە گەورەترین تاوان ئەوەیە کە زینا بکەی لە گەڵ حەلالی جیرانەکەت _لەگەڵ ئافرەتی جیرانەکەت_ ) .

وە پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( أَلَا أُنَبِّئُكُمْ بِأَكْبَرِ الْكَبَائِرِ ثَلَاثًا قَالُوا بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ الْإِشْرَاكُ بِاللَّهِ وَعُقُوقُ الْوَالِدَيْنِ وَجَلَسَ وَكَانَ مُتَّكِئًا فَقَالَ أَلَا وَقَوْلُ الزُّورِ قَالَ فَمَا زَالَ يُكَرِّرُهَا حَتَّى قُلْنَا لَيْتَهُ سَكَتَ ) رواه البخاري ومسلم واتە : ( پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرموی : ئایا هەواڵتان پێنەدەم دەربارەی گەورەترینی تاوانە گەورەکان ؟ سێ جاران ئەمەی دووبارە کردەوە وتیان بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرموی : هاوبەش دانان بۆ خوا وە دەرچون لە گوێڕایەلی و ئەزێت دانی دایك و باوك ئینجا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم پاڵ کەوتبوو دانیشت فەرموی : ئاگادار بن لەو تاوانە گەورانەیە قسەی درۆ و شاهێدی دان بە درۆ ئەفەرموێ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم هەر ئەمەی دووبارە ئەکردەوە هەتا وتمان خۆزگە بێ دەنگ بوایە ) .

وه پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ قِيلَ يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا هُنَّ قَالَ الشِّرْكُ بِاللَّهِ وَالسِّحْرُ وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ وَأَكْلُ الرِّبَا وَالتَّوَلِّي يَوْمَ الزَّحْفِ وَقَذْفُ الْمُحْصِنَاتِ الْغَافِلَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ ) رواه البخاري ومسلم واته : ( خۆتان بپارێزن و دوور کەونەوەو پشت بکەنە ئەو حەوت تاوانەی کە خاوەنەکەی بە هیلاك ئەبات وتیان ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەمانە کام تاوانن ؟ پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرموی : هاوبەش دانان بۆ خوا وە سیحر وە کوشتنی نەفسێك کە خوا حەرامی کردووە تەنها بە حەق نەبێ وە خواردنی ماڵی یەتیم وە خواردنی ڕیبا وە ڕاکردن لە ڕۆژێك کە بەرامبەری دوژمنانی ئیسلامی لە جیهاد وە بوختان کردن بۆ ئەو ئافرەتانەی داوێن پاکن و بێ ئاگان و بڕوادارن ) .

وه پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( مِنْ الْكَبَائِرِ شَتْمُ الرَّجُلِ وَالِدَيْهِ قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَهَلْ يَشْتِمُ الرَّجُلُ وَالِدَيْهِ قَالَ نَعَمْ يَسُبُّ أَبَا الرَّجُلِ فَيَسُبُّ أَبَاهُ وَيَسُبُّ أُمَّهُ فَيَسُبُّ أُمَّهُ ) رواه مسلم واته : ( لە تاوانە گەورەکانە کەسێك جنێو بدا بە دایك و باوکی خۆی وتیان ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم جا پیاو جنێو بە دایك و باوکی خۆی ئەدات ؟! پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرموی : بەڵێ جنێو بە باوکی پیاوێ ئەدا ئەویش جنێو بە باوکی ئەداتەوە ، وە جنێو بە دایکی پیاوێك ئەدا ئەویش جنێو بە دایکی ئەداتەوە ).

وه پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( الخمر أم الفواحش و أكبر الكبائر ، من شربها وقع على أمه و خالته و عمته ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 1853 و3345 في صحيح الجامع واته : ( مەی _هەرشتێ بێ هۆش کەر بێت_ دایکی تاوانە ناشیرنەکانە وە گەورە ترینی تاوانە گەورەکانە ، کەسێك بیخواتەوە ئەکەوێتە سەر دایکی وە خوشکی دایکی وە خوشکی باوکی _یانی هۆشی نامێنێ و زینایان لەگەڵ ئەکات_ ) .

وه پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( درهم ربا يأكله الرجل – و هو يعلم – أشد عند الله من ستة و ثلاثين زنية ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 1033 واتە: ( پیاوێك درهەمێك ڕیبا بخوات و بزانێ کە ڕیبایە لای خوا گەورە ترە لە سیو شەش زینا ).

**لەم فەرمودانە با سوود وەربگرین و بەخۆمانا بچینەوە**

ئايا ئەزانین کە هاوبەش دانان کە پەرستنی دروست کراوێکە لە گەڵ خوا بەوەی داوا لە غەیری خوا بکەیت لە مردوان و گۆڕەکانیان و لێی بپاڕێیتەوە یان ئاژەڵی بۆ سەربڕی یان جۆرێك لە جۆرەکانی پەرستنی بۆ ئەنجام بدەیت ئەوە گەورە ترینی هەموو تاوانەکانە !؟

وە ئایا ئەزانین کە کوشتنی منالّی خۆت لە ترسی برسیەتی یان کوشتنی نەفسێك بە ناحەق لە گەورەترینی تاوانە گەورەکانە !؟

وە لەو فەرمودە با تێبگەین کە بۆمانی باس کردووە ئەگەر کەسێ ببێ بە هۆی ئەوەی جنێو بە دایك و باوکی بدرێ ئەوە تاوانێکی گەورەیە ! ئەی باشە ئەگەر کەسێك خۆی جنێو بدا بەدایك و باوکی یان لێشیان بدا ئەبێ حالّی چۆن بێ !؟

سەیر کەن خواردنی مالّی یەتیم تاوانێکی گەورەیە وە سەیر بکەن یەك درهەمی ڕیبا بخۆی گەورە ترە لای خوا لە سیو شەش زینا ! ئەی چ بەو کەسانە بڵێی کە سەروەت و سامانیان پێك هاتبێ لە مالّی یەتیم زەوتیان کردبێ یان بە ڕیبا کۆی کردبێتەوە و خۆی لەگەڵ منالّەکانی قەڵەو بکا بەومالّە حەرامە ئەبێ چ تاوانێکی هەبێ و چ سزایەکی بۆ داندرابێ !؟

وە با ئەو کەسانەی چاویان لە حەلاّلّی جیرانی خۆیانەو مەی خواردنەوە پیشەیانە بە خۆیانا بڕۆنەوەو بزانن کە خەریکی تاوانی گەورەن و سزای گەورەش چاوەڕێیانە .

**باوکی حارث**